# لە گوتارەوە بۆکردار

کارمەند بەکر
Karmand83atv@yahoo.com

لاوان شکێنەری کلتور و عادات و تەقالید و گومان و بیری کۆنەپەرستین دەبێت بە زێنەری ئەو سنورە حەرام و عەیب کراوانە بن کە دایك و باوك یان کۆمەڵگە بەگشتی دایناون و بەمەش دەیانەوێت بەردەوام لەسەر بیرو ڕەفتارو خووەکانی دوێنیٚ ئەمروش بگوزەرێنین و گۆتە وتەنی تاوەکو دادەڕزێین ، لە کاتێك کە هەمیشە ئێمە باس لە دوێنیٚ دەکەین  و لەسەر ڕابردوو دەژین مانای ئەوەیە کە نامانەوێت بیر لە داهاتوو بکەینەوە و بەڵکو ئەمە نەك بیر و فکری گەنجبێت ، نا ، ئەوەی کە دەیەوێت بەردەوام لەسەر عادات و تەقالیدی باوباپیرانمان بین و بە عەیبە ڕێگر دەبن ئەو مرۆڤانەن کە ناتوانن لەگەڵ ڕووداو گۆرانکاری و تازەگەری هەڵ بکەن ، ئێمە لە کوردستان گەنجمان زۆرە بە ڕێژە و هەم بە قسە کردنیش بەڵام تا چەند گەنجی ئیشکەرمان هەیە ! گەنج لە ساڵانی ڕابردوو (پێش 1991) پێویستی بە فریاد ڕەس بوو ڕزگاری بکات لە دەستی ڕژێمی دیکتاتۆری و پێشڕەوی بێت بۆ دنیایەکی ئازادی و دادوەری و ژیانێك کە مانای هەبێت ، بەڵام بە پێچەوانەوە لە دوای ڕاپەرین گەنج دەبێتە خۆراك و بەرداشی   حزبایەتی – لیوای تایبەت – سوپا – کۆچ – تەسکیەی حزبی – ڕێکخراوی حزبی لە ژێر ناوی پیشەیی – بێکاری – گرتن و ڕاوەدوونان لەبەر ئینتمای سیاسی و ڕووبەڕوو بونەوە لەگەڵ دنیای ئینتەرنێت و مۆدێلی جل و جۆرەها کرێمی قژ و دەموچاو و برۆهەڵگرتن .

دوینیٚ تا پەیوەندیەکی خۆشەویستی دروست دەکرا دەیان جار شقارتەی ماڵەوە خاڵی دەکرایەوە لە دەنکەکانی ناوی و تیایدا نامەیەك دەدرا بە خۆشەویستێك و بەڵام ئێستا لە ڕێگەی کورتەنامەیەکەوە جگە لە هەواڵپرسین چەند کاتژمێرێك خەویش لە خۆت دەکەیت .

لە سەردەمی دیکتاتۆریدا کۆچ نەبوو  ، هێندەی مانگێکی ئێستا هاوڵاتی وڵاتی خۆی جێنەدەهێشت ، بە نەبونی و برسێتی و ترس و مەرگەوە چەکی لە شان دەکرد بۆ نیشتیمان ، بەڵام بۆ ئێستا ئەوانەی دوێنیٚ تێکۆشان بۆ ئازادی و دیموکراسی و مافی ئەم میللەتە ، ئەوانەی خوازیاری سەرۆك و پەلەمان و حکومەت بوون تەواو بنیاتیان نەناو تۆکمەیان نەکرد جێیدەهێڵن و بۆچی کۆچ دەکەن و بە ئارەزووی خۆیان مەنفا هەڵدەبژێرن و دەچنە وڵاتێك   ئاسمان – زەوی – زمان – کلتور و عادات و تەقالید – ژینگە– هاوڕێیەتی و دراوسێیەتی – ڕاسگۆی – ئەخلاقی تەواو جیاوازە لێرە ، ئەمە ئەگەر کارەسات نەبێت چی ناو دەنرێت مرۆڤ خۆی  بە ئارەزووی خۆی خۆی نەفی بکات .

گەنجی وڵاتی ئێمە ئەو کاتەی دەگاتە ئەوپەڕی نا ئومێدی و بیٚ هیوای ، پێی وایە گۆرانکاری مەحاڵە و ئیتر نیشتیمان ئەو دۆزەخەیە کە باش بونی نیە و تروسکاییەك نیە بۆ گەشبینی نیشتیمان لە بەر چاوی ناشرین و ڕەش دەبێت ، کۆچ دەکات و ئایندەیەکی نادیار هەڵدەبژێرێت ، ئایندەیەك گرتن و ڕاوەدونان و بیٚ جێگەی و بیٚ خەوی و برسێتی و تەنانەت بیٚ ڕێزیشی تێدایە تاوەکو دەگەیتە ئەو ئامانجەی کە دەتەوێت ئەویش وڵاتێکە و خۆتی تیا تەسلیم بکەیت ، هەموو ئەو نا ئومێدی و ڕەش بینی و ناشرینیەی نیشتیمان وات لێدەکات ئەم کوردستانە بگۆڕیتەوە بە بستێکی خاکی ئەوروپا .

لێرەوە نابێت گەنج بڕوای بە نائومێدی و ناشرینی و ڕەشبینی وڵات بێت و هەرگیز ناکرێت گەشبین نەبێت ، دەبێت خۆڕزگار کەر بێت لەو دۆخەی کە تێیدایە ، بۆیە دەبێت لە گوتارەوە ئاراستەکە بگۆڕێت بۆ کردار و بە کار وهەوڵدان دەتوانین خۆمان ڕزگار بکەین لە بیٚ مافی و بیٚ ڕێزی کە بە توێژی گەنج دەکرێت لە کوردستان ، چۆن ؟

ڕێکخراوەکانی لاوان لە بەر پەیوەست بونیان بە حزبەوە نەیانتوانیوە سنورەکانی بێدەنگی بشکێنن و خۆیان بە پێشرەوی لاوان و گەنج زانیوە لە کاتێکدا دەبێت خۆیان بەشێك بن لە گەنج ، ئەگەر ڕێگەی خۆ پیشاندان و تەنگاو کردنی دەسەڵات نەگرنە بەر ئەوا

Dengekan

حکومەت هیچ ناکات و ئەمەش سالأنی رابردوو دەیسەلمێنێت چونکە نەبووە و ناشکرێت داواکاری و مافەکان پۆست بکرێت بۆ مان ، بەلام ئەمەش بە دژایەتی کردن و پێشێلکردنی مافی گشتی نابێت ، نمونە ؟

ئەوانەی هێرشیان کردە سەر بینای فەرمانگەی ئاگر کوژێنەوە و سەندیکای کرێکاران لە گەرمیان گەنج بوون ، سوتاندنی مۆنۆمێنتی هەڵەبجە و شکاندنی ترافیك لایتی دەربەندیخان و پەیکەرە مێژووییەکەی چەمچەماڵ بەدەستی گەنج کران لە خۆپیشاندانەکاندا ، جگە لەوەی ئەم نمونانە پێمان دەڵێت ئەمانە پێشێلکردنی مافی گشتی بوون لە هەمانکاتدا نەبوونی یەکڕیزی نێوان گەنج و ئەکتیڤ نەبوونی ڕێکخراوەکانی لاوانە .

دەکرێت گەنج لە ئێستادا بۆ بەدەست هێنانی داواکاری مافەکانی جۆرەها ڕێگەی فشار بگرێتە بەر و لە یەك کاتدا پارێزەری پەرلەمان و حکومەت و دەسکەوتەکانی ڕاپەڕین بێت و قەڵسکەری دەسەلأتیش بێت ، وەك ئەوەی بە یەکگرتوی و یەکڕیزی تەواوی قوتابیانی ئامادەییەکان و هەر چوار زانکۆکەی سلێمانی – کۆیە – هەولێر – دهۆك بۆ ماوەی دوو ڕۆژ نەچنە هۆڵەکانی خوێندن و لەبەردەم بارەگای حزبەکان مان بگرن ، فشار بکەنە سەر پەرلەمان کۆبونەوەیەکی تایبەت بکات بۆ بڕیاردانی گۆڕینی مەنهەجی خوێندن ، هەزاران گەنجی تازە هاوسەر گیر فشار بخەنە سەر حکومەت کە شوقەی نیشتەجێبوون دروست بکات ، سەدان گەنج لە شۆستەی نێوان شەقامە سەرەکەیەکانی شار ڕایگەیەنن کە دەیانەوێت دابمەزرێن و کەسانی بەتەمەنی ماندووی نێو فەرمانگەکان خانەنشین بکرێن بە زامنی ژیانیانەوە و چەندەها جۆر و شێوازی تر بۆ فشار دروست کردن بەکاربهێنن .

ئەوەی کە گرنگە ئاماژەی پێبدرێت لە سەرو ئەمانەوە هۆشیاری گەنجە ، چونکە ناکرێت پێمان وابێت ڕێپێوان و مانگرتن بە مانای ڕوخاندن دێت و هوتافی دوژمنکارانە لە دژی پەرلەمان و دەسەلأت بە گشتی بلێین، بەڵکو ئەمانە ڕێگەن بۆ تۆکمە کردن و خستنە سەر ڕێچکەی دەسەلأت بەرامبەر ئەرکەکانی کە دەبێت جێبەجێی بکات .

لە ولأتی ئێمە خانەنشین داواکاری هەیە و بەو موچەیە ناژی کە پێی خانەنشین دەکرێت گەنج نابێتە هاوسۆز و پشگیری کەری لە کاتێکدا سبەینێ ئەم گەنجە ڕووبەڕووی خانەنشینی دەکرێتەوە ، بۆیە تاوەکو ئێمەی گەنج نەچینە نێو قۆناغی کرداریەوە و بەو ئاراستەیە هەنگاو نەهاوێژین کە کارکردنە ، داواکاری و ماف تەنها دەنگەدەنگی نێو هەوایە و هیچی تر ،هەر بە شێوەیە دەمێنینەوە ئەمڕۆ ئارەزوو دەکەین گەورە بین و سبەینێش خەم لە تەمەنی گەنجێتیمان دەخۆین .